

Internationales Zentrum für Menschenrechte der Kurden
Navenda Mafên Mirovatî ya Navnetewî ji bo Kurdan
International Center for Human Rights of the Kurds
Centre International pour les Droits de L'homme des Kurdes

# هەڵمەتی هاوبەشی کۆمەکبەخشین

## بۆ دامەزراندنی کتێبخانەیەکی ئەڵمانی بۆ ئەو منداڵانەی لە وڵاتانی ئەڵمانیزمانەوە بۆ سلێمانی گەڕاونەتەوە

دوانیوەڕۆیە و لە پۆلێکی قوتابخانەی گەشەی تایبەت بە منداڵانی گەڕاوە بۆ کوردستان، ڕوو بە ڕووی دەستەیەك لە کچان و کوڕانی قوتابخانەکە دانیشتووین. ئەوان دەیانەوێ بە ناوی هاوڕێکانیانەوە قسەمان لەگەڵدا بکەن و، لە ڕاستیشدا زۆر شتیان لە دڵدا هەیە بۆ گوتن. ئەوانەی لە ئەڵمانیا گەورە بوون و لێرە دەچنە قوتابخانە، ڕوو بە ڕووی دژواری زۆر دەبنەوە: پێویستە ئەوان لە ماوەی چەند ساڵێکدا پیتی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی و کوردی (سۆرانی) و، هەروەها زمانی عەرەبی فێر ببن. ئەوان، وەکو خۆیان دەڵێن، گازندە لە کەس ناکەن، بەڵام دەڵێن، بۆ نمونە: بە هەبوونی تەنیا دوو کتێبی زیندەوەرزانی بۆ پۆلێك، هەلی فێربوون بۆ هەمووان نارەخسێنرێ. بارودۆخی بەشەکانی تریش لەوە باشتر نیە.

ئەوەی کچان و کوڕانی گەڕاوە زیاتر خۆیان پێوە سەرقاڵکردووە، هەوڵدانە بۆ ئەوەی "زمان"ەکەیان، ئەڵمانی، لە بیر نەکەن و باش بەکاری بهێنن. لێرە دەرزی زمانی ئەڵمانی ناوترێتەوە و مامۆستای ئەڵمانی بە دەست ناکەون. کچان و کوڕانی قوتابخانەی گەشە داوای کتێبی ئەڵمانیمان لێدەکەن. داوای کتێبی لاوان و کتێبی شاعیرە گەورەکانی ئەڵمانمان،بە کلاسیك و بە هاوچەرخەوە، لێدەکەن. بە کورتی، هەموو جۆرە کتێبێکی ئەڵمانیان دەوێت. ئەوان خوازیارن لە قوتابخانەکەیاندا کتێبخانەیەکی ئەڵمانی دابمەزرێنن. بۆ ئەمەش ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەیان وەرگرتووە و، ئێستا تەنیا پێویستیان بە کتێب هەیە. یەکێك لە لاوەکان دەڵێ: بەر لەوەی بۆ یەکجاری ئەڵمانیا بەجێ بهێڵین، 10 دانە کتێبی ئەڵمانیم کڕی. بەڵام ئەو خۆی و هاوڕێکانیشی، هەموو ئەو کتێبانەیان خوێندۆتەوە.

"ئایا دەتوانن هاوکاریمان بکەن؟"؛ ئەمە پرسیاری کچان و کوڕانی قوتابخانەی گەشەیە لە سلێمانی.

**IMK e.V.**
Postfach 20 07 38
D – 53 137 Bonn
Telefon +49 (0) 228 36 28 02
Telefax +49 (0) 228 36 32 97
E-mail: imkkurds@aol.com
www.kurden.de

Gegründet: 1991

**Mitglieder des Vorstandes:**
Dr. Hüseyin Bektas
(*Vorsitzender*),
Irina Wiessner
(*Stellvertr. Vorsitzende*),
Dr. Golmorad Moradi
(*Kassenwart*)

**Mitglieder des Beirats:**
Heidi Merk
(*Sozialministerin des Landes Niedersachsen a. D.*)
Dr. h.c. Herbert Schmalstieg
(*Oberbürgermeister der Stadt Hannover*),
Uta Zapf (*MdB*),
Dr. med. Omar Simo,
Amke Dietert – Scheuer,
Cem Özdemir,
Knut Rauchfuss

**Geschäftsführer:**
Abubekir Saydam

IMK e.V. ist vom Finanzamt Bonn als gemeinnützig anerkannt und von der Körperschaftssteuer befreit – Nr. 206/5866/0334

Gefördert durch den Europäischen Flüchtlingsfonds

**Bankverbindung:**
*Bank für Sozialwirtschaft*
BLZ: 370 205 00
*Geschäftskonto-Nr.*: 83457 00
*Spendenkonto-Nr.*: 83457 01

**Das Zentrum ist eine international und regierungsunabhängig arbeitende Organisation. Die Tätigkeit des Zentrums erstreckt sich auf alle Gebiete, in denen Kurden leben und befasst sich ebenfalls mit den Belangen anderer in dem Siedlungsgebiet der Kurden lebender Volksgruppen, wie der Assyrer, Armenier und Turkmenen, der religiösen Minderheiten, etwa der Yeziden und der syrisch-orthodoxen Christen, sowie der Kurden in der Migration und im Exil.**

ئەگەر ئێوەش دەتانەوێ وەکو ئێمە بە "بەڵێ" وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، ئەوا دەتوانن لەم هەڵمەتەدا بەشداری بکەن و، پشتیوانیمان لێبکەن بۆ دامەزراندنی کتێبخانەیەکی ئەڵمانی بۆ کچان و کوڕانی گەڕاوەی قوتابخانەی گەشە لە سلێمانی / هەرێمی کوردستان-عێراق.

هەر لە ئێستاشەوە سوپاستان دەکەین لە پای پشتیوانی بەهێزتان لەم هەڵمەتەمان.

لەگەڵ جوانترین سڵاودا.

ئەبوبەکر سایدام
سەرپەرشتیاری گشتی ناوەندی کوردیی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ IMK

23 ی ئادار 2006

**سەرپەشتیارانی ئەم هەڵمەتە:**

- ڕێکخراوی Dortmunder Helfen Kurden e. V. - DhK بە سەرپەرشتی حەسەن سینەملی ئۆغلۆ
- ڕێکخراوی GbR „Pressefreiheit im Nordirak“ بە سەرپەشتی یۆرگن هۆپە و ئەلیزابێت سیمۆن پێتزۆلد
- ناوەندی کوردیی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ IMK e. V. بە سەرپەرشتی ئەبوبەکر سایدام

ناونیشانی بانك:

**IMK e. V.**
***„Eine Bibliothek für Gesha-Schule“***
**Bank für Sozialwirtschaft Köln**
**BLZ: 370 205 00**
**Spendekonto: 8345701**